# سەرەتایەکی نوێ بۆ کوردستان

**سیاسەتنامەو کارنامەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان**
**ژمارە 15 و 15 یاسا بۆ عەدالەت و یەکسانی و دیموکراسی و بنەبڕکردنی گەندەڵی**




**د. کەمال میراودەلی کاندیدی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە 15**

## سیاسەتنامەو کارنامەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان

1. پێشکەشردنی نموونەیەکی نوێی سەرکردایەتی لە رووی دەستووریی و یاسایی و دیمۆکراتی وداد پەروەرییەوە تا سەرۆک هەموو گەل بە یەک چاو سەیر بکاو لە خزمەتی گەل و سیستمی دیمۆکراسیدا بێ نەک بە پێچەوانەوە.
2. گێرانەوەی هاوبوویی (ئینتیمای) نەتەوەیی و کۆمەلی و ئینسانی بۆ مرۆڤی کورد بە تایبەتی گەنجەکان بەوەی هەست بکەن کوردستان ملکی هەمووانە نەک تەنها هی دەستەی دەسەلاتدار و دەتوانن لە کۆمەلێکی دادپەروەردا زانست و پەروەردەیەکی باشیان هەبێ و پاشەرۆژێکی بەختەوەر بنیات بنێن.
3. بنەبڕکردنی گەندەلی و گێرانەوەی بوجەو داهات و ملک بۆ گە ل و یەکسانی هەموو گەل لە سوود وەرگرتن لە خیرو بەرەکەتی ولات و بوجەو سامانی ژێر زەمین و سەر زەمین
4. یەکسانی دەرفەتی پەروەردەو قبولکردن لە زانکۆو پەیمانگاکان و زەمالەو دامەزران و کاسبی کردن و دۆزینەوەی کار و وەبەرهێنان و قەدەغەکردن و چەریمەکردنی دەستێوەردانی حیزب لە دادگاو بازارو کاسبی ئازادی خەلک و کەرتی پەروەردەیی و قوتابخانەو زانکۆکاندا.
5. سەلماندنی سەروەریی یاساو یەکسانی هەمووان لە بەردەم یاساو مافی دەستراگەیشتن بە عەدالەت و راستکردنەوەو قەرەبروکردنەوەی زولم و ناهەقی لە رێگای یاساو دادگاوە.
6. زامنکردنی ماف و ئازادییە تاکەکەسی و کۆمەلییەکان لە رێگای دەستووری دیمۆکراتی کوردستانو سەروەریی و عەدالەتی یەکسانی یاساوە.
7. زەمانەتکردنی بژێوی مندال کە ببێتە ئەرکی حکومەت بە یاسا تا تەمەنی 14 سالیی و کردنەوەی باخچەی ساوایان بۆ مندالان لە هەموو گەرەکی شارو شارۆچکەکاندا بە پێی پێویستی.
8. هەموارکردنی یاسای رۆژنامەگەری و زامنکردنی ئازادی دەربرین و نووسین و بلاوکردنەوە بی هیچ سنووردانان و سانسۆرێک
9. تەواوکردن و بریاردانی دەستووری کوردستان و دامەزراندنی دادگای دەستووری لە ماوەی سێ مانگدا
10. لابردنی پۆستی سەرۆکی هەرێم و چێگرتنەوەی بە دامەزراندنی ئەنجومەنی پیران
11. جاککردن و چالاککردنی پەرلەمان وەک چاودێری حکومەت و نوێنەرو پارێزەری مافەکانی گەل بە تەرخانکردنی ئەندامان بۆ ناوچەی جوگرافی دیاریکراو ئامادەبوونی سەرۆکوەزیران مانگی دووجار لە بەردەم پەرلەماندا بۆ زانیاریدان و لێپرسینەوە دەربارەی کارو ئەنجامدانی حکومەت و مافی بانگهێشتن و سزادانی یاسایی وەزیران.
12. دروستکردنی ئەنجومەنێکی ئاسایشی نیشتیمانی لە سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی هەرێم (یان ئەنجومەنی پیران) و سەرۆکی وەزیران و سەرۆکی حیزبە سەرەکییەکانی ئۆپۆزیسیۆن و کەسانی نیشتمانپەروەری شارەزای بێلایەن.
13. دانانی نەخشەی ستراتیژی پێنجسالەی ئێشکەوتنی ئابووری و سنعەتی و کۆمەلایەتی و پەروەردەیی و تەکنۆلۆجی بۆ گەشەدان بە کوردستان و گۆرینی بە ولاتێکی دیمۆکراتی مۆدێرن و پێشکەوتوو ـو گەلێکی خۆشگوزەران و زاناو رۆشنبیرو سەرکەوتوو کە ژنان و گەنجان دەوری پێشرەوانەو بنیاتنەرانەی تێدا ببینن و سوودوەرگرتن لە هەموو توانا بەشەرییەکانی گەلی کوردستان و لە بەهرەو تواناو ئەزموون و شارەزایی

کوردەکانی هەندەران و هاندانیان بۆ گەرانەوە بۆ ولات و زامنکردنی دەور و ڕێزو کارو بەرژەوەندییان بە پێی یاسایەکی تایبەتی.

14. پالپشتکرنی پرۆسەی حوکمی پەرلەمانی دەستووری دیمۆکراتی و ئیختیاری فیدرالی لە عێراقدا و چارەسەرکرنی کێشەی ناوچەکانی کوردستانی دەرەوەی هەرێم لە ڕێگای دایەلۆگ و دیمۆکراسی سیاسیی پلورالی فرە-نەتەوەیی و پەیماننامەی نێونەتەوەیی یەوە بە سەرپەرشتی نەتەوە یەکگرتۆکان.

15. ئەرکسپاردن بە گروپێکی سارەزای بیانی و خۆیی بە سەرپەرشتی لیژنەیەکی تایبەتی پەرلەمان بۆ پێداچوونەوە و هەڵسەنگنادنی بە هەموو ئەو گرێبەستییە نەوتییانەک کراون و ڕەجاوکردنی ئەوپەری ڕۆونبینی (شەفافییەت) لە دەرخستنی ڕاستییەکان و هەلوەشاندنەوەی هەر گرێبەستێک لە بەرژەوەندی هارێم دا نەبێ و پەرلەمان بریاری لە سەر نەدابێ یان لە سەر نەدات و داننای سیاسەتێکی نەوتی کە ئەو سەرچاوەی داهاتە بۆ نەوەکانی داهاتوومان بپارێزێو شەفافییەت لە دانوستان و گرێبەستەکاندا ڕەجاربکرێ و هیچ سیاسەت و گرێبەستێک بە بی وەرگرتنی ڕاوێژکاری پسپۆری جیهانی باوەرپێکراو لێکۆڵینەوەو ڕەزامەندی پەرلەمان برایەری لە سەرنەدرێ.

16. ئەرکسپاردن بە گروپێکی دەستورناس و یاسایی بە توانا بۆ پێداچوونەوە بە دەستووری عێراقیدا و

و هەڵسەنگاندنی خاڵە سەلبی و ئیجابییەکانی خۆ ئامادەکردن بۆ نووسینەوەی دەستوور بە قازانجی زامنکردنی مافی جارەنووسی ناوچەکوردستانییەکان و نەتەوەکانی عێراق لە چوارچێوەی بەهێزکردنی پرۆسەی دیمۆکراتی سیاسیی فرەنەتەوەیی لە عێراقدا.

17. پێکەوەژیانی ئاشتییانەو چارەسەری کێشە هاوبەشەکان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و دەوروبەر لە سەر بنچینەی پێوەندی ئاشتیخوازانەو ڕێزگرتنی مافی چارەنووسی نەتەوەکانی خۆرهەڵاتی نێوەند لە چوارچیوەی دایەلۆگ و پرۆسەی سیاسی ئاشتیخوازانەو رەتکردنەوەی توندو تیژی و پلانی نهێنی و ڕێزگرتنی پرۆسەی دیمۆکراسی سیاسی فرەنەتەوەیی و تایبەتمەندییەکانی لە هەر وڵاتێکدا.

18. زامنکردنی ماف و ئازادییە نەتەوەییەکان بۆ تورکمان و ئاسووری و کلدان و ئەرمەن بە پێی مافی جارەنووس لە چوارچێوەی دیمۆکراسی پلورالی فرەنەتەوەیی و پرۆسەی سیاسیی دیمۆکراتیدا. ڕێزگرتنی تایبەتییە کەلتووری و نەژادیی و ئایینییەکانی شەبەک و ئێزیدی و کاکەیی و هەورامی و زامنکردنی ماف و ئازادییان بۆ پاراستنی تایبەتمەندییەکانیان.

19. پشتگیریکردنی ڕێکەوتنی ستراتیجی عێراق و ئەمریکا لە چوارچێوەی پاراستن و پەرەپێدانی پرۆسەی دیمۆکراسی سیاسی فرەنەتەوەیی لە عێراقدا و پاراستنی دەسکەوت و بەرژەوەندی و مافی جارەنووسی گەلی کوردستان لە چوارچیوەی ئەو پرۆسەیەدا.

# ژمارە 15 و 15 یاسا بۆ عەدالەت و یەکسانی و دیمۆکراسی

چۆن دەستوورو یاسادانان بۆ دیمۆکراتیکردنی دەسەڵات و کۆمەل و دابینکردنی دادپەروەری و یەکسانی و بنەبرکردنی گەندەڵی بەکار دەهێنم

**ناونیشانی کامپینی سەرکردایەتیم سەرەتایەکی نوێ – یە بۆ کوردستان- سەرەتای سەرۆکایەتییەکی نوێ و سیستمێکی نوێی پێوەندی لە نێوان گەل و دەسەڵاتدا کە گەل بکاتە سەرچاوەی دەسەلات و دەسەلات بکاتە خزمەتکاری گەل و پابەند بە بنەماکانی دیمۆکراسی و عەدالەتەوە ئەوەش نەک تەنیا بە قسەو دروشم و بەڵێن بەلکو لە ریگەی کۆمەلە یاسایەکەوە کە لە دوای دەرچوونیان لە لایەن پەرلەمان و بەکارخستنیان دەشێ هەم ناهەقییەکانی رابردوو راست بکەنەوە هەم بناغەیەکی پتەو بۆ کۆمەلی دیمۆکراتی و دادو یەکسان دابنێن.**

**لە ماوەی ساڵی یەکەمی دەسەڵاتمدا وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەوڵدەدەم بە هاوکاری دەستەیەکی پسپۆرو شارەزای دەستووری و یاسایی و پەرلەمانی نوێی کوردستان ئەم پرۆژە یاسایانە دەربچن و بخرێنە حالەتی جێبەجێکردنەوە.**

**:**

1. **یاسای حیزب و ئۆپۆزیسیۆن: بە مەبەستی دیمۆکراتی کردنی سیستمی حیزبی و قەدەغەکردنی دەستیوەردانی حیزب لە ئابووری و بازارو دادگاو زانکۆو دەزگاکانی دەولەتدا و ئاشکراکردنی سەرچاوەی دارایی حیزبەکان و ناچارکردنیان کە هەر چوار جارێک کۆنفرانس و هەلبژاردنی ئازاد بکەن و بنچینەو پرۆسەی یارمەتی حکومەت بۆ حیزبەکان و مافی یەکسانی ئۆپۆزیسیۆن دیاری بکرێ.**

2. **یاسای دادپەروەری بۆ قوربانیانی ئەنفال و جێنۆساید : بۆ دادگاییکردن و جێبەجێکردنی سزادانی تاوانباران و قەرەبروکردنەوەی دارایی و دەروونیی خیزانی قوربانیەکان.**

3. **یاسای سرینەوەی شوێنەواری جێنۆساید:بۆ ناچارکردنی حکومەتی عێراق کە دان بە جێنۆساید دابنێ و عێراق و دەولەتان و کۆمپانیاکانی بەشدار لە جێنۆسایدا بە دەیان بلیۆن دۆلار سزابدرێن و ئەو پارەیە بەکارنهێنرێ بۆ ئاوەدانکردنەوەی هەلەبجەو قەلادزەو پێنجوینو 20 شارۆچکەو 4000 گۆندی کوردستان و پاشماوەی وێرانکرنی میراتی کوردەواری و شارستانی کۆنی کورد و ژێرخانی ئابووری و فەوتاندنی 182000 مرۆڤ و لەرەگدەرکێشانی کۆمەلگاکانی کوردستان و دەربەدەرکردنی دانیشتوانی.**
4. **تەرخانکردنی بودجەی تایبەت بە یاسا بۆ دروستکردنەوەی هەلەبجە وەک شارێکی نوێی شارستانی و کەلتووری نموونەیی لە مۆدێلی جوانترین شاری ئەوروپی.**
5. **یاسای داپەروەری و لێپرسینەوە: بۆ دەرخستنی راستی و بەدەستهێنانی دادپەروەری بۆ شەهیدان و قوربانیانی شەری ناوخۆ و قەرەبروکردنەوەی زیانە گیانی و ماددی و دەروونییەکانیان هەر لە ساڵی 1961 ەوە تا ئێستاو سزادانی تاوانباران و قەدەغە کردنی بازرگانیکردنی سیاسیی بە خوێنی شەهیدانەوەو رێگە خۆشکرن بۆ ئاشتبوونەوەی نەتەوەیی راستەقینەی خەڵکی کوردستان لەگەڵ یەکتر لە سەر بنچینەی ئاشکراکردنی راستییەکان**

وگەرانەوەی هەق و بەدەستهێنانی دادپەروەریی بۆ هەموو قوربانی و غەدرلێکراوێک.

6. یاسای یەکسانی دەرفەت: بۆ زامنکردنی یەکسانی دەرفەتی خوێندن و پەروەردەو وەرگرتن لە زانکوو دەرفەتی کارو کاسبی وەزیفەو دامەزراندن و پێشکەوتن لە کارو پیشەدا بە پێی یاسا و جەریمەکردنی دامەزراندن بە تەزکیەی حیزبی و واسیتەو جیاوازی کردن. زامنکردنی مافی هەموو کرێکار و کارمەندو فەرمانبەرێکی مەدەنی و عەسکەری کە بە گرێباست دابمەزرین و هەموو مافەکانی مووچەو دەرمالەو مافی پشوو-ی سالانەو پشووی نەخۆشی و منالبوون و دایکێتی و باوکێتی و مافی پیشکەوتن لە وەزیفەداو خانەنشێنی و دەرنەکردنی بەناهەق و قەرەبرکردنەوەی مەعنەویی و دارایی لە کاتی دەرکردن یان کۆتاییهێنان بە خزمەتدا. پێویستی رێکلامکردنی کارو وەزیفە بەر لە دامەزراندن و دانی دەرفەتی یەکسان بە هاولاتییان بە پێی شەهادەو ئەزموون و تواناو لێهاتوویی و بە پرینسیپی کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو. زامنکردنی مافی هاولتایان کە پەنا بەرنە بەر یاسا کە هەستیان بە جیاوازی و ناعەدالەتی کرد لە هەر روویەکەوە. دانانی پوجەی تایبەتی بۆ دامەزراندنی دەرچووانی زانکۆکان و دۆزینەوەی دەرفەتی کارو وەزیفە بۆ گەنجان بەشێک دەبێ لەم ییاسایە یان یاساهیەکی سەربەخۆ دەبێ.

7. یاسای قەدەغەکردنی توندوتیژی و هەراسانکردنی سێکسی دەرهەق بە مێینە و نێرینە: بە پێی یاسا ماف دەدرێتە ئەوانەی لە دایەرەکانی دەولەت، شوێنی کار و بازارو هەر شوێنێکی تردا هەراسانکردن یان دەسدرێژی فیزیکی و سێکسی دەرهەقیان دەکرێ سکالای یاسایی لای پۆلیس تۆمار بکەن و یاسا توندترین سزا بۆ تاوانباران ببڕیتەوەو قوربانیان مافیان هەبێ لە رووی مەعنەوی و دارایی ودەروونییەوە قەرەبرو بکرێن.

8. یاسای ئاوەدانکردنەوەی دیهات و ژیاندنەوەی کوردەواری: بە پێی یاسا بودجەی پیوویست و نەخشەی پێنج سالی دادەندرێ بۆ بنیاتنانی ژێرخانی هات و چۆو رێگەو بانی مۆدێرن بۆ دوورترین گوندو بنارە شاخ و دانانی بەرنامەی و پرۆژەی ژیاندنەوەی بەرهەمی کشتوکالی و رەزو باخەکان و ئاژەلی ناوخۆو پیشە ناوجەییەکان و فۆلکلۆرو داب و نەریتی کوردی و پاراستنی دارستان و سامانی ژێرزەمینی و شوێنەواری مێژوویی و دەوروبەری سروشتی و هاندانی گۆندییەکان و پشتگیری ماددی و مەعنەوییان بۆ گەرانەوە بۆ دێهاتەکان و فەراهەمردنی بازارو دەرفەتی خوێندن وراهێنان و تەندروستی و خزمەتگوزارییەکان بۆیان. گرنگیدان بە کشتوکال لە رێگای رێکخستنی پێوەندی زەوی و جوتیار بە پێی یاسایەک کە خزمەتی جوتیارو بەرهەمهێنارن بکات و رێگە لە چەوسانەوە بگرێ.

9. یاسای تەکنەلۆجیکردنی دامودەزگاکانی دەولەت و خزمەتگوزارییەکان: بۆ دانانی بۆدجەی پێویست و بەکارهێنانی دوا تەکنەلۆجی نوێ لە سیستمی دارایی و بانکی و پارە و راپەراندنی کارەکانی دەزگاکانی دەولەتی و خزمەتگوزارییەکانداو فەراهەمکردنی کۆمپیوتەرو هێلی ئێنتەرنێت بۆ هەموو دایەرەو قوتابخانەکان و رێکخراوەکانی کۆمەلگای مەدەنی.

10.یاسای پارێزگاکان کە زامنی زۆرترین پلەی نانێوەندیتی بکاو دەسەلاتی بریاردان و جێبەچیکردن لە کارە ناوجەییەکان و پەرەسەندنی ئابووری و کۆمەلایەتی و پەروەردەیی و تەندروستیاندا بۆ ئەنجومانی پارێزگاکان و شارەوانییەکان بگێرێتەوە.

11.یاسای کۆمەلگای مەدەنی: دامەزراندنی رێکخراوەکانی کۆمەلگای مەدەنی و پرۆژەکانیان ئازاد دەکرێ لە دەستێوەردانی حیزبیی و دەرفەتی یەکسانیان بۆ بەدەستهێنانی بودجەو یارمەتی حکومەت دەدرێتێ بە پێی پێویستی و گرنگی کارو پرۆژەکانیان. قەدەغە دەکرێ لە حیزب و حکومەت بە پێی یاسا نەبێ دەستبخەنە ناو هیچ کارو بارێکی رێکخراوەکانەوە این بیانخەنە ژێر هیچ فشارێکەوە.

12.یاسای زامنی کۆمەڵایەتی: لە کاتێکدا هەموو بەرنامەی وەبەرهێنان و کارو پرۆژەکانی حکومەت دەبێ بە مەبەستی دروستکردنی مرۆڤ و کۆمەڵگای بەرهەمهێنەر بن نەک تەنیا بخۆرو بەکاربەر، هەر لەو کاتدا حکومەت پێویستە زامنی ژیانیکی ئاسوودە بۆ منالان و پیرو پەککەوتەو هەژارو نەدار بکات و ئاستێکی هەژاریی دیاری بکا کە هیچ خێزانێک نەهێلرێ بکەوێتە ژێر ئەو ئاستەوە. ئەمەش بە:

1.برینەوەی یارمەتی دارایی مانگانە بۆ منالان تا تەمەنی 14 ساڵی بە بڕی 50 دۆلار بۆ هەر منالێک بێ جیاوازی.

2. برینەوەی یارمەتی دارایی مانگانە بۆ پیرو پەککەوتەو ئەوانەی نەخۆشی دەروونی یان فیزیکی وایان هەیە کە رێگەی کارکردنیان لێدەگرێ بە بریمانگانەی 250 دۆلار بۆ هەر کەسێک.

3. برینەوەی یارمەتی بێکاریی گونجاو و دەرمالەی راهێنان بۆ بێکاران و هاندانیان بۆ کاری هەروەزیی و خۆبەخشی تا کار دەدۆزنەوە.

4. بەردەوامی دانی مووچەی تەواو بە دایکانی خاوەنکار بۆ ماوەی شەش مانگ دوای منداڵبوونیان.

5. گێرانەوەی ئەو 60 ملیۆن دۆلارەی سەرۆکایەتی حیزبەکان مانگانە بۆ خۆیان دەیبەن و بەکارهێننانی بۆ دامەزراندنی 60،000 گەنجی بێکار بە موجەی مانگانەی 1000 دۆلار

13.یاسای خزمەتگوزاری تەندروستی:

دابینکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی و چارەسەری باوەرپێکراوو داوو دەرما ن بە خۆرایی ئەرکی حکومەتە بە هاوکاری کەرتی تایبەتی. پێویستە بە پێی یاسا خەستەخانەکان تەکنۆلۆجیاو کەرەسەو کارامەیی بەشەری تەواویان هەبێ و لە ئاستی پێویست دابن بۆ چارەسەری نەخۆشییە قورسەکان و ئاساییەکان. مافی هاوولاتییە سکالا دژی خەستەخانە یان دکتۆران تۆمار بکاو داوای قەرەبووکردنەوە بکات کە چارەسەری هەلە یان ناتەواو کرا یان فەرامۆشی دەربارە نیشان درا یان جیاوازی لەگەڵ کرا. هێنان و فرۆشتنی دەرمان و خواردنی ئێکسپایەر دەبێ بە جەریمەیەکی هاوتای جەریمەی پیلانداناں بۆ کوشتن بژمێردرێ و هەمان سزای توند بۆ هەموو بەشدارانی زنجیرەی هێنان و فرۆستنی دابنرێ.
سیاسەتی وریاکردنەوەو پلانی تەندروستی ئێشینەو ئێشبینیکردن و خۆ پاراستن و خۆ ئامادەکردن دەبی وەک سیاسەتێکی هەمیشەیی رەچاو بکرێ.

**14.یاسای چارەسەری رۆتین:**

**بەپێی ئەم یاسایە دەبێ هەموو وەزارەت و دەزگاو دایەرەیەکی حکومەت جارتەرێکی هەبی بە ناوی چارتەری هاوولاتییان لەم چارتەرەدا ئەوە نیشاندا:**

1. **ئامانج و ئەرکی ئەو وەزارەتە دەزگایە یان دایەرە بەرامبەر هاولاتیان چییە.**
2. **بوجەکەی چەندەو بۆچی و چۆن سەرفی دەکا**
3. **هەوڵدانی بۆ بەشدارکردنی سوودمەند و بەکاربەری خزمەت لە نەخشەدانان و بریاردان و بەرێوەبردن و چاودێریدا**
4. **نیشانی بدا رۆژو کاتەکانی کارکردنیان چۆنە و چۆن هاووولاتیان پێشوازیان دەکرێ و خزمەت دەکرێن، (بۆ نموونە بە سەرە، بە پێی جۆرە پێوانەیەک) و راپەراندنی کارەکەیان چەند کاتی پێدەچێ.**
5. **بەڵێنی کارکردنی بێجیاوازی بدا بۆ هەموو کەسێک و واسیتە قەدەغە بکات.**
6. **راهێنانی بەردەوام بۆ فەرمانبەرو کارمەندانی فەراهەم بکات وزامنی شارەزایی و لێزانیان بکات.**
7. **روونی بکاتەوە کە هاولاتیان بۆیان هەیە سکالا بکەن و قەرەبروبکرێنەوە ئەگەر کارەکانیان بە هەڵەو نانەتەواوی بۆ کرا، یان بە بێ هۆ دواخرا، یان جیاوازییان دەرهەق نیشان درا.**

**15.یاسای بنەبڕکردنی گەندەڵی**

1. **دامەزراندنی دەستەی دەسپاکی و پاکسازی بە پێی یاسا . سەرۆکی هەرێم و سەرۆکوەزیران و وەزیرو ئەنادامانی پەرلەمان دەبی لەگەڵ دەستبەکاربوونیان سەروەت و دارایی و ملک وتەواوی دارایی و سامان و سەرچاوەکانیان ئاشکرا بکەن و لە دەفتەری راگەیاندنی تایبەتیدا تۆمار بکرێ. ئەم یاسایە هەموو کاربەدەستانی حکومی و حیزبیو تاکەکەسان دەگریتەوە بە پێی پێویستی دادگا یان داواکردنی داواکاری گشتی.**
2. **دەرکردنی یاسای مڵکدارێتی و زەویوزاری گشتی : بە پێی ئەم یاسایە مڵکدارێتی تایبەتی پارێزراودەبێ - مڵک و زەویوزاری گشتی [زەوی ئەمیری و ئەم بینایەو مڵکانەی پێش 1991 مڵکی گشتی بوون] بە مڵکی میللەت و نەوەکانی داهاتوو دادەندرێ و حەرامدەکرێ هیچ پارچە زەوی و مڵکێکی گشتی بە بێ یاسای تایبەتی پەرلەمان بکرێتە مڵکی هیچ کەس و کۆمپانیاو حیزبێ. ئەم یاسایە کاریگەری پێشینەی (ئەسەری رەجعی) دەبێ لە ساڵی 1991 بە دواوە. ئەو مڵکو زەوی و زارەی بە ناشەرعی داگیرکراون پێداچوونەوەیان دەکرێ و رێوشوێنی یاسایی گونجاو دەگیرێتە بەر. مڵکی تایبەتی یان ئەهلی داگیرکراو بۆ خاوەنەکانیان دەگێردرێتەوە یان بە شێوەیەکی عادیلانە قەرەبروو دەکرێنەوە. بەکارهێنانی گردو دارستان و شوێنی گەشتوگوزار بۆ ملکدارێتی تایبەتی یان بازرگانی قەدەغە دەکرێ لە حالەتی زۆر پێویستدا نەبێ بە رەزامەندی پەرلەمان. بیناو خانووە حکومییە داگیرکراوەکان بە پێی یاسا پێداچوونەوەیان دەکرێ و دەکرێنەوە بە مڵکی گشتی.**

**3- دەرکردنی/هەموارکردنی یاسای کۆمپانیاکان: ئەو کۆمپانیایانەی لە ساڵی 1991 ەوە دروستکراون دەبێ بە پێی یاسا سەرچاوە و چەندێتی سەرمایەکانیان و**

**جالاكییەكانیان بە بەڵگەوە ئاشكرا بكەن و هەموو ساڵی كۆنوونەوەی گشتی ئەندامان یەن پشكداران ببەستن و راپۆرتی دارایی سالانە پێشكەش بە وەزارەتی دادپەروەری و دەسەلاتی دیاریكراو بكەن.**

**4. بوجەی كوردستان: بە پێی دەستوور بانكی نێوەندی كوردستان دادەمەزرێ و هەر داهاتێكی هەرێم لە 50.000 دۆلار زیاتر بێ بە پێی دەستوورو یاسا دەبێ حەتمەن بخرێتە ئەو بانكەوە و بانكەكە لە رووی ئیداری و تەكنیكییەوە لە لایەن دەستەیەكی شارەزای بیانییەوە بە گرێبەستی سێ ساڵ بەرێوە دەبردرێ و لەو ماوەشدا بە گرێبەست لەگەڵ دەولەتێكی بیانیدا ستراكتوری یاسایی و تەكنیكی و پرۆفێشناڵی سیستمی دارایی و پارەیی بانكەكانی هەرێم دادەمەزرێ. هەموو خەرجییەكیش بۆ ئاوەدانكردنەوەو بەرهەمهێنان بە شێوەی سسیتمی نانێوەندێتی بە پێی پێویستی ناوچەو دەڤەرە جیاجیاكانی هەرێم لە لایەن شارەوانی و ئەنجومەنە هەڵبأێردراوەكانەوە پێشنیاز دەكرێ و دوای تاوتوێكردن و بریاردانی لە لایەن پەرلەمانەوە بە پێی رێنمایی و پێوانە یاسییەكانی سیستمی نانێوەندێتی دەخرێتە بوجەوە. هەر پرۆژەیەک خەرجیەكەی لە نیو ملیۆن دۆلار زیاتری تێ بچێ دەبێ بە پێی یاسا پرس بە دانیشتوانی ناوچەی سوودمەند بكرێ و لە بریاردان و بەرێوەبردنیدا بەشدار بكرێن.**

**5. ئاشكرا كردنی بوجەو داهات و سەرفی حكومەتی هەریی كوردستان لە ساڵی 2004 ەو دەكرێ بە داوایەكی یاسایی و پەرلەمان لیژنەی تایبەت بۆ ئەو مەبەستە پیكدێنێ و ئەنجامەكانی لە ماوەی دوو ساڵدا ئاشكرا دەكا و ئیجرائاتی یاسایی پێویست دەرهەق گەندەڵكاران وەردەگیرێ.**